# بەرنامەی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان

**پێرست**


**پێشەکی**

**بەشی یەکەم: کۆمەڵەی یەکسانی کوردستان**

برگەی یەکەم: خەباتی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان

برگەی دووهەم: شێواز و شوێنی خەباتی کۆمەڵەی یەکسانی

برگەی سێیەم:خەباتی زانستیی

**بەشی دووهەم: باوەڕ و ئامانجەکانی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان**

**برگەی یەکەم: سەربەخۆیی**

ئا. سەربەخۆیی کوردستان

ب. ناسنامەی کوردستانی

پ. ئابووریی کوردستان

ت. بەڕێوەبردنی شۆڕشی کوردستان

**برگەی دووهەم: دێموکراسی**

ئا. سیستەمی دێموکراتییک

ب. جیایی دین لە دەوڵەت و سیاسەت (سێکۆلاریزم)

پ. سوپای نیشتیمانیی کوردستان

ت. پۆلیس و ئاسایشی کوردستان

ج. یاسای سزادان

ئا: دەرفەتی یەکسان لە ماف و ئازادییەکان

ب. پەروەردەی کۆمەڵگەی یەکسان

پ. مافی یەکسانیی ژن و پیاو

ت. مافە سەرەتاییەکانی کرێکاران و کارمەندان

ج. مافە سەرەتاییەکانی منداڵان و گەنجان

چ. زمان، وێژە و کولتوور

ح. خوێندن و پەروەردەی گەورەساڵان

خ. مافە سەرەتاییەکانی بەساڵاچووان

د. ژینگە و سامانە سروشتییەکانی کوردستان

**بەشی سێیەم: چارەسەرکردنی گرفت و کێشە کۆمەڵایەتییەکان**

برگەی یەکەم: چارەسەرکردنی بێکاریی و هەژاریی

برگەی دووهەم: سیاسەتی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاریی یەکسان

برگەی سێیەم: بەڕێوەبەرایەتیی سۆسیاڵ

برگەی چوارەم: بنکەی بیمەی گشتیی

برگەی پێنجەم: سیستەمی تەندروستیی کوردستان

برگەی شەشەم: بنبڕکردنی ماددە هۆشبەرەکان

**بەشی چووارەم:پارت و ڕێکخراوەکانی کوردستان**

برگەی یەکەم: پێوەندیی یەکسانی لەگەڵ پارت و ڕێکخراوەکانی کوردستان

برگەی دووهەم: قەدەخەکردنی شەڕی ناوخۆیی

برگەی سێیەم: پێوەندیی دەرەوە

**پێشەکی**

کوردستان ناوچەیەکی گرینگ و دەوڵەمەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە بەشێکی گرینگی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لە ڕێی وڵاتی تورکییەوە بە ئەورووپاوە دەبەستێتەوە. کوردستان نیشتمانی نەتەوەی کورد و هەموو ئەم گەل و کەمینانەیە کە لێی دەژین. خەڵکی کوردستان لە مێژوودا بێجگەلە ئیمپراتۆریی ماد، چەندیین هەرێمی میرنشین و ناچەی ڕزگارکراوی هەبووە و سەرەڕای هەوڵی داگیرکەران بۆ خۆبەدەستەوەدانی، بەردەوام بۆ ڕزگاریی و سەربەخۆیی خۆی خەباتی کردوە و لە هەر ناوچەیەک دا کە ڕزگاری کردبێ، مۆرک و پێناسەی خۆی لەسەر بەڕێوەبریی ئەم ناوچەیە داوە. خاکی کوردستان لە مێژوودا چەندیین جار بەبێ ڕێپێدان و ویستی دانیشتووانی لەلایەن دەوڵەتانی داگیرکەری ڕۆژاوایی و ڕۆژهەڵاتییەوە دابەش کراوە. لە یەکێک لەم جارانەدا دوو ئیمپراتۆریی داگیرکەری عوسمانیی و سەفەویی لە ساڵی ١٥١٤ی زایینی کوردستانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد. لە شەڕی جیهانیی یەکەمیشدا بۆ جارێکی تر کوردستان بەسەر هەر یەکە لە وڵاتانی ئێران، ئێراق، سووریە، تورکییە و ئەرمەنستان (بەشێک لە سۆڤیەتی پێشوو) دا دابەش کرا و لەم کاتەوە کوردستان کراوە بە پێنج بەش.

داگیرکەرانی کوردستان بە درێژایی سیاسەتی داگیرکارییان لە کوردستان چ بە تاک و چ بە هاوبەشیی، پیلانی تواندنەوەی نەتەوەی کوردیان تاقی کردۆتەوە و بۆ جێبەجێکردنی ئەم پیلانە دەستیان لە هیچ تاوانێک نەپاراستووە. ڕاگواستن و ناچارکردنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کورد بۆ خوراسان، لوبنان و قەفقاز بە مەبەستی چارەسەرکردنی قەیرانەکانیان یەکێک لەم تاوانانە بووە. گرتن، ئەشکەنجەکردن و لەسێدارەدانی چالاکوانانی سیاسیی و شارستانیی و ناچارکردنیان بۆ بەجێهێشتنی کوردستان و گرتنەبەری ڕێگەی تاراوگە یەکیکی تر لەم تاوانانەی داگیرکەران بووە کە تا ئێستاش بە شێوەیەکی سیستماتییک درێژەی هەیە. بەتاڵانبردنی بەرهەم و بەروبوومی کوردستانیان و بە هەژاریی و دواکەوتوویی هێشتنەوەی کوردستان لە بووارەکانی زانستیی، وەرزێریی، پیشەسازیی و هتد. بە مەبەستی ژێردەست هێشتنەوەی کوردستان و خەڵکەکەی بووە و داگیرکەران تا ئێستاش بە شێوازی جۆراوجۆر لەم سیاسەتانە بەردەوامن. هەر بۆیەش خەڵکی کورد بە درێژایی بوونی داگیرکەران لە کوردستان بۆ رزگاری نیشتمانەکەی خەباتی کردوە و قوربانی زۆری داوە و تا ئێستاش بۆ بە دەستهێنانی مافی سەربەخۆیی خۆی تێ دەکۆشێت.

خەڵکی کورد چەندین شۆڕشی گەورەی لە سەرتاسەری کوردستان هەڵگیرساندوە و لە چەندین فرسەتیشدا دەوڵەتی سەربەخۆی ڕاگەیاندوە. دامەزرانی کۆماری کوردستانی سوور لە ساڵانی ١٩٢٣ لە هەرێمی کوردنشینی نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان و هەروەها کۆماری ئارارات (ئاگری) لە ساڵانی ١٩٢٧ لە ناوچەی ئاگریی باکووری کوردستان و پاشان دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە٢٢ی ژانویەی١٩٤٦ (٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ ی هەتاوی) سێ نموونەی بەرچاوی مێژووی سەربەخۆییخوازیی خەڵکی کوردستانن. شۆڕشەکانی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی، شێخ سەعیدی پیران، سەید ڕەزا، شێخ مەحموود، سمکۆ، شۆڕشی ئەیلوول لە باشووری کوردستان، شۆڕشی کورد و گەلانی بندەست لە ئێران لە ١٩٧٩ی زایینی، شۆڕشی باکووری کوردستان دوای ئەو سەردەمە، ڕاپەڕینی باشوور و دامەزراندنی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ و دوایین شۆڕشی گەلەکەمان لە ڕۆژئاوای کوردستان لە ٢٠١٢ وە تا ئێستا هەموویان لە پێناو خۆڕزگارکردنی خەڵکی کورد لە دەستی داگیرکەران بوونە و سەرەڕای زۆر کەموکوڕی و پرشوبڵاویی هێز و لایەنەکانی کوردستان، ئەم خەباتە بە شێوازی جیاواز بەردەوام بووە.

ئاکامی ئەم شۆڕشانە تا ئێستا بریتی بووە لە دامەزرانی حکوومەتێکی فێدراڵ لە باشووری کوردستان و ئازادکرانی ڕووبەرێکی زۆر لە ڕۆژئاوای کوردستان و پێکهێنانی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا کە لە ئەگەری هۆشیاریی و یەکگرتووبوونی کورد و بەفیڕۆنەدانی دەرفەتەکان لەم دوو بەشەی کوردستان، هومێدی سەربەخۆیی و ڕزگاریی یەکجارییان لێ دەکرێت. لە باکووری کوردستان لە ئاکامی نزیک بە سێ دەیە خەباتی بەردەوامی چەکداریی و شارستانیی، ئێستا بزووتنەوەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتیی لە مەیدان دایە و شۆڕشی میلیۆنیی کوردستانییانی باکوور دوای ساڵانێک شۆڕشی چەکداریی، ئێستا بە بەشداریی سیاسیی و بەهێزکردنی خەباتی پارلمانیی بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد بەردەوامە و کوردستانییانی باکوور هیوای ئەوە دەخوازن کە بتوانن بە ڕێگەیەکی ئاشتیخوازانەوە لەم بەشەی نیشتمانەکەمان مافەکانیان دەستەبەر بکەن.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە حەوت دەیە لەمەوبەر بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان ببووە هیوای ڕزگاریی هەموو کوردستان و گوڕوتینی بە شۆڕش لە بەشەکانی تری کوردستان دەبەخشی، مەخابن بەهۆی پرژوبڵاوی و کەرتبوونی هێزە سیاسیەکان و ڕەچاوکردنی سیاسەتی گۆشەگیریی و چاوەڕوانیی و بوونی ڕژیمێکی دیکتاتۆری داگیرکەر لە ئێران، ئەمڕۆ لە بەرخۆدانی ڕۆژهەڵاتدا پارسەنگی هێز بە قازانجی نەیارانی کوردستانە. هەر بۆیەش پێویستە لەم قۆناغەدا لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هاوئاهەنگی لەگەڵ بزووتنەوەی جەماوەریی ناوخۆیی ڕۆژهەڵات، بە دامەزراندنی بەرە یان کۆنگرەیەکی گشتگیر، هەوڵ بدەن پارسەنگی هێز بە قازانجی بزووتنەوەی ڕزگارییخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگۆڕن.

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان کە کار و چالاکیی سیاسیی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە دەبات، بۆ گوڕ و تیین بەخشین و بووژاندنەوەی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەستی هاوکاریی و هاوخەباتیی بۆ هەموو هێز و لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان درێژ دەکات و هەر وەک لە ڕابردووە دا ئەندامان و بەتایبەت ڕێبەرانی یەکسانی بە بەخشینی سەر و ماڵیان، فیداکاریی خۆیان لەم پێناوەدا سەلماندووە، ئێستاش کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان لە پێناو دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان بەتایبەت لەم بەشەی نیشتمانەکەماندا، هەموو هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ و ئەوەی لە توانایدا بێت، درێخیی ناکات.

**بەشی یەکەم:**

**کۆمەڵەی یەکسانی کوردستان**

لەم بەشەدا وێڕای ئاماژە بە کورتەیەک لە مێژووی کۆمەڵەی یەکسانی و دامەزرێنەرانی، بە کورتیش شێوازەکانی خەباتی ڕابردوو و ئێستای کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان شی دەکرێنەوە.

**بڕگەی یەکەم: خەباتی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان**

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان ڕێکخراوێکی سیاسیی کوردستانییە کە لە ساڵی ۱۳۵۷ی هەتاوی دامەزراوە و لە نەورۆزی ساڵی ۱۳۵۸ی هەتاویی(۱۹۷۹ی زایینی) بەئامانجی ڕزگاریی و سەربەخۆیی کوردستان و دابیینکردنی مافی بڕیاردانی گەلەکەمان لەسەر چارەنووسی خۆی و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان و پێشکەوتوو بە فەرمی

بوونی خۆی ڕاگەیاندووە. بەر لەو کاتە، بەشێک لە ڕێبەرانی دامەزرێنەری کۆمەڵەی یەکسانی، دوابەدوای کۆماری کوردستان دەستیان بە خەبات کردۆتەوە و تا ڕووخانی ڕژیمی شای ئێران لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا چالاکانە بەشدار بوونە و خەباتیان کردووە. ساڵێک بەر لە ڕووخانی ڕژیمی پاشایەتیی ئێران تا کۆبوونەوەی بەرینی ئەندامانی یەکسانی لە شاری سەقز لە دوای ڕووخانی ڕژیمی شا و ڕاگەیاندنی فەرمیی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان لە نەورۆزی ساڵی (١٣٥٨ی هەتاوی/ ١٩٧٩ی زایینی)، ئەم خەباتکارانە بە شێوەیەکی نهێنیی خەباتی سیاسیی و فەرهەنگییان کردووە.

کۆمەڵەی یەکسانیی هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە بەهۆی سیاسەتی داپڵۆسینو ڕاوەدوونانی داگیرکەرانەوە لە کوردستان و نەبوونی ئازادی و هەلومەرجی گونجاوی خەبات بۆ لایەنە سیاسی و مەدەنییەکان لەم ناوچەیە و بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ماوەی تەمەنی خۆیدا تووشی کۆمەڵێک بەربەست هاتووە، بەڵام هیچکات لە هەلومەرجە دژوارەکاندا خۆی بەدەستەوە نەداوە و سەرەڕای شەهیدکرانی چوار ڕێبەری دامەزرێنەری لەساڵانی سەرەتای تێکۆشانی یەکسانییدا، هیچکات لەئامانجی ڕزگاری و سەربەخۆیی خاکو خەڵکی کوردستان و بەرگری لە مافی هەژاران و چەوساوەکانی کودستان وازی نەهێناوە.

فەلسەفە و بیر و باوەڕی سەربەخۆییخوازانە و یەکسانییخوازانەی ڕێبەرانی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ دەسپێکی ئاشنابوونیان لەگەڵ خەبات لە سەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ک.ژ.ک.) و کۆماری کوردستان کە پاشان تا دەیان ساڵ خەباتیان لە شاخ و لە شار لە جووڵانەوەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان درێژەی هەبووە. دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی یەکسانی هەر لە سەرەتاوە لە لایەک هەستیان بە ژێردەستیی و داگیرکراویی نەتەوە و نیشتیمانەکەیان بە دەست داگیرکەرانەوە کردووە و لە لایەکی تر باری گرانی سەر شانی ژنانی بێبەش لە ماف و ئازادی و ستەم و چەوساوەیی خەڵکی زەحمەتکێش و هەژاریان لە کوردستان لەلایەن چەوسێنەرانی ناوخۆییەوە لە نزیکەوە دیتووە و لە نزییکەوە هەستیان بەم ئازار و مەینەتەی خەڵکەکەیان کردوە. هەر بۆیەش وێرای خەبات بۆ ڕزگاریی لە ژێر دەستی داگیرکەران، هاوکات خەبات بۆ نەهێشتی نایەکسانی و هەڵاواردن و چەوسانەوەی زەحمەتکێشان، هەژاران و ژنان لە کوردستان بۆتە بەشێک لە بیر و باوەڕی هزریی و کردەیی (تیۆری و پراکتیکی) ئەو ڕێبەرانە. هەر بۆیەش کۆمەڵەی یەکسانی، لەسەر بنەمای فکری خۆماڵیی و بەپێی پێویستیی هەلومەرجی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هەڵکەوتەی جوگرافی و نەتەوەیی کوردستان، لەسەر بنەماکانی هزری یەکسانییخوازیی و سەربەخۆییخوازیی سەری هەڵداوە و بۆ ئەم ئامانجانە خەبات دەکات.

**برگەی دووهەم: شێواز و شوێنی خەباتی کۆمەڵەی یەکسانی**

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان لە ڕابردوودا هێزێکی سیاسی و نیزامیی شۆڕشگێر بووە و بە شێوازەکانی سیاسیی، چەکداریی و فەرهەنگیی لە هەر دوو بەشی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان خەباتی کردووە. یەکسانی لەقۆناخی ڕزگاریی نیشتمانییدا، کەڵکوەرگرتن لە هەموو شێوازەکانی خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی بە ڕەوا دەزانێ.

کۆمەڵەی یەکسانی وێرای باوەڕ بە کوردستانێکی سەربەخۆ و یەکگرتوو، لەسەر ئەم باوەڕەیە کە دابەشکرانی کوردستان دوای پێنج سەدە، بارودۆخێکی دژواری هەم لە بوواری ناونەتەوەیی و هەم لە بوواری ناوخۆیی بۆ خەباتێکی هاوکاتی

هەر لایەنێک بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان خولّقاندوە. لەسەر ئەم بنەمایە وێڕای هاوکاریی و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی و هەلومەرجی هەموو بەشەکانی کوردستان، لە ئیستادا بۆ دابینکردنی مافی بڕیاری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرچارەنووسی خۆی، بە شێوەکانی سیاسیی، شارستانیی وجڤاکیی خەبات دەکات. لەسەر ئەم بنەمایە کۆمەڵەی یەکسانیی بەرگری دەکات لە خەباتی یەکسانییخوازانە و مافخوازانەی ژنان، کرێکاران، زەحمەتکێشان، گەنجان، ڕۆشنبیران، لایەنگرانی مافی مرۆڤ و ژینگەپارێزی لە پێناو دیارییکردنی مافی چارەنووسی خەڵکی کوردستاندا.

**بڕگەی سێیەم: خەباتی زانستی**

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان "زانست و گەشە" لە ڕوانگەیەکی یەکسانییخوازانەوە و لە هەموو بووارەکانی پێوەندییدار بە ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، ئابووری، پیشەیی، تەکنۆلۆژی، وەرزێری، ژینگە، تەندروستی، زمان و ئەدەبیات، پەروەردە و فێرکردن، فەرهەنگی و کولتووری وەک سەرچاوەی پەرەپێدان و گەشە و پێشخستنی کوردستان بە ئامانج دەگرێت.

لە بابەت گەشە و پێشخستنی کوردستان لە بووارەکانی ژینگە، کۆمەڵایەتی، پەروەردە و فێرکردن، و هەروەها ئابووریی بە تایبەت لە بەکارهێنانی سەرچاوەکانی کانزا و سامانە سرووشتییەکان، بوونی بەرنامە و پرۆژەی زانستی بەتایبەت لە ڕوانگەی "گەشەی پایەدار" (Sustainable development)، هاوکاریی ناوخۆیی، ناوچەیی و جیهانیی لەم بووارەوە بە پێویستییەکی سەردەم بۆ گەشەی کوردستان، ناوچەکە و جیهان دەزانێت.

**بەشی دووهەم:**

**باوەڕ و ئامانجەکانی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان**

لەم بەشەدا باوەڕ و ئامانجەکانی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان لە چوارچێوەی سێ ئامانجی سەرکیی "سەربەخۆیی"، "دێموکراسیی" و "یەکسانیی"دا ئاماژەیان پێ دەکرێت و شیی دەکرێنەوە.

**بڕگەی یەکەم: سەربەخۆیی**

ئەم برگەیە لە چوار بەش پێک هاتووە کە بریتیین لە: ئا. سەربەخۆیی کوردستان، ب. ناسنامەی کوردستانیی، پ. ئابووریی کوردستان، ت. بەڕێوەبردنی شۆڕشی کوردستان، کە باوەڕ و بەرنامەی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان لەم بابەتانەوە ڕوون دەکرێتەوە.

**ئا: سەربەخۆیی کوردستان**

یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان بریتییە لە خەبات بۆ وەدیهێنانی مافی خەڵکی کوردستان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و دامەزراندنی وڵاتی سەربەخۆی کوردستان کە لەو وڵاتەدا سیستەمی بەڕێوەبەریی وڵات لەلایەن خەڵکەوە لە ڕێی هەڵبژاردنێکی ئازادەوە دیاری بکرێ. باوەڕ و خەباتی یەکسانی بۆ سەربەخۆیی کوردستان بە واتای دژایەتیی هیچ گەلێک و لەوانەش گەلانی فارس و تورک وعەرەب نییە. سەرچاوەی ئەم باوەڕ و

ئامانجەی کۆمەڵەی یەکسانی، ستەمی مێژوویی داگیرکەرانی کوردستانە لە گەلی کورد لە هەموو بووارەکانی جوگرافیایی، نەتەوەیی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریی، خوێندن و پەروەردە، زمان و کولتوور و هتد. هەر بۆیەش کۆمەڵەی یەکسانی هەموو سیاسەتێکی داگیرکاری وستەمکاری لەسەر نەتەوەی کورد و سەرجەم گەلان ڕەت دەکاتەوە و پێی وایە کە خەڵکی کوردستانیش وەک سەرجەم گەلانی تر مافی خۆیەتی لەسەر زێدی خۆی، بە سەربەخۆیی، ئاشتی و تەبایی لە هاوسێیەتیی گەلانی دەورووبەریدا بژیت و لە گەشە و ئارامیی کوردستان و ناوچەکەشدا نەخشی خۆی بگێڕیت.

تا کاتێک کە ئامانجی کوردستانی یەکگرتوو و سەربەخۆ دێتە دی، کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان پێکهێنانی ناوچە و هەرێمی خۆبەڕێوەبەر یان فێدراڵ لە بەشە جیاکانی کوردستان، وەک تاکتیک و هەنگاوێکی سەرەتایی بۆ سەربەخۆیی بە هەنگاوێکی ئەرێنی دەبینێ. هەر لەم ڕوانگەشەوە یەکسانی وێڕای تێبینی لەسەر سیستەمی بەڕێوەبەریی هەر دوو بەشی ڕزگارکراوی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان، پشتگیریی پاراستنی ئەو ئەزموونانە دەکات.

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان بڕوای بە ئاشتیخوازیی و پێوەندیی دۆستانەی خەڵکی کوردستان و هەموو گەلانی گۆی زەوی هەیە و پێی وایە کە پێویستە خەڵکی کوردستانیش لەگەڵ هەموو خەڵکانی ئاشتیخواز و یەکسانیخواز هەوڵی سەقامگیرکردنی دێموکراسی، ئاشتی، ئاوەدانی و ئاسایشی ناوچەکە و جیهانیش بدات و بۆ نەهێشتنی چەوساندنەوە و ژێردەستەیی، لەگەڵ سەرجەم خەڵکانی پێشکەوتنخواز هاوکار و هاوخەبات بێت. هەر لەم پێناوەشدا ئامادەی پشتیوانی و یارمەتیی ڕزگاریخوازانی نەتەوەکانی ترە و هەوڵدان بۆ لێکنزیکبوونەوە و هاوپەیمانیی و پێکهێنانی بەرە لەگەڵ ئەو پارت و ڕێکخراوە سیاسی و شارستانییە پێشکەوتنخوازانەی کە باوەڕیان بە دێموکراسی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤ و بەتایبەت بە مافی سەربەخۆیی و دیاریکردنی چارەنووسی گەلان هەیە، بە ڕێگەیەکی گونجاو بۆ گەیشتن بەم ئامانجە دەزانێت.

**ب. ناسنامەی کوردستانیی**

داگیرکەرانی کوردستان بە درێژایی مێژوو هەوڵیان داوە شوناس و ناسنامەی کوردستانیی تاکی کورد بسڕنەوە و بە هەموو شێوەیەک لە ناسنامەی خۆیانی گرێ بدەنەوە بۆ ئەوەی تاکی کورد بەر لەوەی خۆی بە کوردستانیی بزانێت، خۆی وەک ئێرانی، ئێراقی، تورکیەیی و سورییەیی بناسێنێت. ئەم هەوڵەی داگیرکەران بەداخەوە لە لایەن بەشێک لە لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیش دووبارە کراوەتەوە و خۆیان و خەڵکی بەشەکانی کوردستانیان لە ناسنامەی داگیرکەران گرێ داوەتەوە.

یەکێک لەو ئامانجانەی کە کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان خەباتیان بۆ دەکات بریتییە لە ناساندن و پێناسەکردنەوەی دووبارەی تاکی کوردستانی. ئەم پێناسەکردنەوەیە لە لایەک لە ڕێی هەوڵ و خەباتێکی درێژخایەنی فەرهەنگیی و ڕوونکردنەوەی تاک و کۆمەڵی کوردەواریی هەم بە نووسیین و هەم لە ڕێی دیدار و کار و چالاکیی ئەندامان و لایەنگرانی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان دەبێت، لە لایەکی تر سیاسەتی گشتیی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان و بەتایبەت سیاسەتی ڕاگەیاندنەکەی سیاسەتێکی کوردستانییانە دەبێت دەرهەق بە هەموو بەشەکانی کوردستان و لە ناوچەگەرایی بەشێکی کوردستان یان لە خۆبەستنەوە بە دەوڵاتێکی داگیرکەری کوردستان خۆی دەپارێزێت.

**پ. ئابووریی کوردستان**

کوردستانی سەربەخۆ پێویستیی بە ئابوورییەکی گەشەسەندوو و سەربەخۆیە. ئابووریی کوردستان بە هۆی سیاسەتی داگیرکاریی و بەتاڵانبردنی سەرمایەی کوردستان لە لایەن وڵاتانی داگیرکەرەوە لەچاو بەشەکانی ناوەندی هەر کام لە وڵاتانی داگیرکەر زۆر لە دواترە. ئەوە لە کاتێک دایە کە کوردستان لە زۆربەی بووارەکان و سەرچاوەکانی ئابوورییەوە بنچینەیەکی لەبارتری هەیە بۆ گەشە و پێشکەوتنی ئابووری. لە بوواری سامانە سرووشتییەکان دەوڵەمەندە بە کانزاکانی نەوت و بەرد و زێڕ و هەروەها ئاو و هەوا زەوی و زاری لەبار و پڕ پیتی هەیە بۆ گەشەی کشتوکاڵ، ئاژەڵداریی، پیشەسازیی، بازرگانیی، تێکنۆلۆژیی، گەشتوگوزاریی و هتد. سامانە سرووشتییەکان مڵکی گشتیی خەڵکی کوردستانن و پێویستە لە ژێر چاودێریی وەزارەتەکانی سامانە سرووشتییەکان و دارایی دەوڵەتی کوردستاندا بن. بۆ پێشگرتن لە هومووگەندەڵییەک پێویستە وێرای سپاردنی ئەم دەزگا و ناوەندە گشتییانە بە کەسانی دەستپاک و دڵسۆز، بە کۆمەڵێک یاسا و ڕیسای پسپۆڕانە و گونجاو ڕێگە لە گەندەڵیی بگیردرێت.

پێویستە لە کوردستانی ڕزگارکراودا دەوڵەتی کوردستان بە دامەزراندنی پسپۆڕانی ئابوورییناس و نیشتمانپەروەر و یەکسانییخواز و بە هاوکاریی وڵاتانی پێشکەوتوو بەرنامە و پرۆژەی زانستیی و سیاسەتێکی ئابووریی پێشکەوتوو و یەکسانییخوازانە داڕێژێت بۆ ئەوەی کوردستان هەم خاوەنی ئابوورییەکی پێشکەوتوو و سەربەخۆ بێت و هەم دانیشتووانی کوردستانیش بە هەرەوەزیی لە گەشە و پێشکەوتنی ئابووری وڵاتدا نەخش و بەشیان هەبێت. هەوڵی دەوڵەتی کوردستان بۆ سەربەخۆیی ئابووریی کوردستانی ئازاد بەتایبەت لە ڕێی گەشەدان بە پیشەسازی، بازرگانی و وەبەرهێنانەوە لە بوواری جۆراوجۆر گرینگیی زۆری دەبیت لە لایەک بۆ خزمەتگوزارییە گشتییەکان و دابینکردنی پێداویستی و خەرجی وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەت و لە لایەکی تر بۆ دروستکردنی پرۆژەی وک ئەلەکتریک، گاز، بەنزین، ئاو، خوێندنگە، نەخۆشخانە، ڕێگاوبان و ئاوەدانکردنەوە هتد. هەموو ئەم ڕێکارانە دەبنە هۆی ئەوەی کە داگیرکەران نەتوانن لە فاکتەری ئابووریی بۆ گەمارۆدانی کوردستان و سەپاندنی ویستە ناڕەواکانیان بەسەر کوردستاندا کەڵک وەر گرن و خەڵکی کوردستانیش بە سیاسەتێکی یەکسانییخوازانە لە ئابوورییەکی گەشەکردوو و داهاتوویەکی ڕوون بەهرەمەند بن.

**ت. بەڕێوەبردنی شۆڕشی کوردستان**

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان بوونی کۆنگرە یان پارلمانێکی سەرتاسەریی کوردستانی، بۆ بەڕێوەبردنی شۆڕشی کوردستان بەتایبەت لە سەردەمی شۆڕشی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستاندا، بەپێویست دەزانێت. ئەزمونی مێژووی جووڵانەوەکانی کوردستان ئەو ڕاستییەمان پێ دەڵێن کە جووڵانەوە و بەرخۆدانە ناوچەییەکانی کوردستان ڕێگاچارەی سەرەکیی نەبوون و نین بۆ ڕزگاری نەتەوایەتی لە کوردستان و پاککردنەوەی لە داگیرکەران. بۆیە لە سەردەمی شۆڕشی ڕزگاریی نیشتیمانییدا نابێت جیاوازییە جیهانبینیی و سیاسییەکانی لایەنەکانی کوردستان ببنە بەربەست لەبەردەم هاوکارییان لە دژی داگیرکەران. پێویستە لایەنە سیاسییەکان خەباتی هاوبەش درێژە پێ بدەن تا سەرکەوتن، ئەوکات لە ڕێگای هەڵبژاردنی ئازاد لایەنی براوە بە لەبەر چاو گرتنی مافی لایەنەکانی بەشدار بوو لە شۆڕش، ڕەوایی بەڕێوەبردنی وڵات لە خەڵکی کوردستان وەرگرێت.

## بڕگەی دووهەم: دیموکراسی

ئەم برگەیە لە پێنج بەش پێک هاتووە کە بریتیین لە: ئا. سیستەمی دیموکراتییک، ب. جیایی دین لە دەوڵەت و سیاسەت (سێکۆلاریزم)، پ. سوپای نیشتمانیی کوردستان، ت. پۆلیس و ئاسایشی کوردستان، ج. یاسای سزادان، کە باوەڕ و بەرنامەی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان لەم بابەتانەوە ڕوون دەکرێتەوە.

### ئا. سیستەمی دیموکراتییک

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان خوازیاری دامەزراندن و پێرەوکردنی سیستەمێکی یەکسانیخواز و دیموکراتییکە لە کوردستان کە لەم سیستەمەدا هەموو تاکەکان خاوەنی دەنگ و بەها و ماف و دەرفەتی یەکسان بن بۆ دیارییکردنی چارەنووسی خۆیان و کۆمەڵگەکەیان. کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان بڕوای بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە و پێویستە فۆڕمی دەوڵەتلە کوردستان چ لە شێوەی کۆماریی و چ لە شێوەی پارلمانییدا بە دەنگی زۆرینەی خەڵک لە ڕیفراندۆمێکی ئازاددا دیاری بکرێت و ئۆرگانە سەرەکییەکانی سیستەمی ئیداریی کوردستان پێکهاتوو لە ئۆرگانەکانی یاسادانەر (پارلمان)، جێبەجێکار (سەرۆککۆماریی/ سەرۆکوەزیران) و دادوەرییدا وەگەڕ بخرێن. پێویستە بەر لە هەڵبژاردنێکی گشتیی بۆ ئەم بووارانە، لە قۆناخی گواستنەوەدا دەوڵەتێکی کاتیی بە بەشداریی سەرجەم لایەنەکانی کوردستان دابمەزرێ و بۆشایی بەڕێوەبەریی پڕ بکرێتەوە.

لەگەڵ دامەزرانی دەوڵەتی کاتیی پێویستە بە داڕشتنی ڕەشنووسی یاسای بنەڕەتیی وڵات و دامەزراندنی سوپا و پۆلیسی نیشتیمانیی، بۆشاییە یاسایی و ئەمنیەتییەکان پڕ بکرێنەوە. یاسای بنەڕەتیی وڵات کە بۆ جاری یەکەم لە لایەن کۆمەڵێک یاسازان و مافناس دادەڕێژرێت تا بۆشایی یاسایی ڕوو نەدات، پێویستە پاشان لە لایەن نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵک بۆ پارلمانی کوردستان تاوتوێ بکرێت و دوای پێداچوونەوە و پەسندکرانی لە پارلمان، بخرێتە ڕێفراندۆم و لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە دەنگی لەسەر بدرێت.

لە سیستەمی یەکسانییخوزانەی کوردستاندا نابێ دەسەڵات لە ناوەنددا کۆ بکرێتەوە و پێویستە دەسەڵات و ئەرکە ناوخۆییەکان بە شێوەیەکی کارناسانە و دادپەروەرانە لە نێوان پارێزگا و شار و گوندەکاندا دابەش بکرێن. سیستەمی بەڕێوەبەریی دەوڵەتی کوردستان لە ڕوانگەی کۆمەڵەی یەکسانییەوە سیستەمێکی دیموکراتی و هەروەزییە کە هەموو مافە سەرەتایی و بنەڕەتییەکانی هاووڵاتییان لە ڕێی یاسایەکی یەکسانییخوازانە و پێشکەوتنخوازانە بەبێ جیاوازیی ڕەگەزیی، فیکری، ئایینی، جینسی و هتد. تێیدا پارێزراو بێت. سیستەمێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری کە هەموو هاووڵاتییان خۆیان بە خاوەنی بزانن و لە ژێر سێبەرییدا خاوەن ئاسایشی گیانی و ماڵیی بن و مافی بەشداری و کاریگەرییان هەبێت. سیستەمێک کە لە ڕێی دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتییەوە هەوڵی نەهێشتنی نایەکسانیی، هەژاری و بێکاری بدات، پارێزە (بیمە)ی کار و قەرەبووی بێکاری بە شێوەیەکی دادپەروەرانە تێیدا ڕەچاو بکرێت و بەبێ هەڵاواردن و جیاوازی، میکانیزمێکی یەکسانییخوازانە بۆ ئاسوودەیی و ئاسایشی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە ڕەچاو بکات و یارمەتیی پەروەردە و گەشەپێدانی کرێکاران و زەحمەتکێشان، ژنان، منداڵان، گەنجان، بەساڵداچووان و کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت لە هەموو بوارێکەوە بایەخ و سەرنجی تایبەتییان پێ بدرێت.

مافە بنەڕەتیی و سەرەتاییەکانی تر کە پێویستە لەم سیستەمەدا سەقامگیر بن بریتیین لە: ئازادیی دامەزراندنی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی، ئازادیی بەیان، ئازادیی چاپەمەنی و ڕۆژنامەوانی، ئازادیی دامەزراندن و ڕێکخستنی ڕێکخراوی شارستانی و سەندیکای پیشەیی بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، ئازادیی ڕەخنە و چالاکیی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕین و هەلی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لەڕێی پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردنی ئازاد و ڕوونەوە، سەرجەم لە بنەماکانی باوەڕ و پێناسەی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان بۆ ماف و ئازادییەکان لە چوارچێوەی دێموکراسیی و سیستەمێکی دێموکراتدا دەناسێندرێن.

**ب. جیایی دین لە دەوڵەت و سیاسەت (سێکۆلاریزم)**

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان خوازیاری سیستەمێکی سێکۆلار و زانستییە کە لەم سیستەمەدا دین و دەوڵەت بە هەموو شێوەیەک لێک جیا دەکرێنەوە. لەم ڕووانگەوە کۆمەڵەی یەکسانی، دین بە بابەتێکی تاکەکەسیی دەزانێ و هەر کەسێک ئازادە و مافی خۆیەتی چ دین و بیر و باوەڕێک بۆخۆی هەڵدەبژێرێ، بەڵام پێویستە دەوڵەت لەسەر بنەمای زانستەکانی سیاسیی و ئابووریی و مافناسیی سەردەم و دوور لە هەر دەستێوەردانێکی ئایینی بەڕێوە بچێت و یاساش بەپێی ئەم زانستانەی باسیان لێوە کرا بە یەکسانیی لە لایەن نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵکەوە بۆ سەرجەم هاووڵاتییان دەربچێت و لە لایەن دەوڵەتەوە جێبەجێ بکرێت.

هەر لەم چوارچێوەدا کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان بۆ جێکەوتنی کولتووری پێکەوەژیان و ئەو بایەخگەلە کۆمەڵایەتییە دێمکراتییکانە کار دەکات کە لەودا هەموو هاووڵاتییانی کوردستان بە ئاشتیی و ئارامیی هاوکاریی یەکتر بکەن و بە فەرهەنگی پێکەوەژیانی خۆیان شانازیی بکەن. لەم سیستەمە سێکۆلارەدا هیچ کەس و لایەنێک بە هۆی دین یا ئایینی جیاوازەوە ناکەوێتە ژێر هیچ فشار و هەڵاواردنێکی سیاسیی، فەرهەنگیی، ئابووریی یان کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی سیاسیی کوردستانیش بە کاری فەرهەنگیی سەراسەریی لەم بووارەوە، پێوەندیی دێموکراتیک و مرۆڤدۆستانەی هاووڵاتییانی کوردستان بەهێز دەکات.

**پ. سوپای نیشتمانیی کوردستان**

هەموو وڵاتێک بۆ پاراستنی خۆی لە هەڕەشەی هێزی دەرەکی و هەروەها بۆ پاراستنی ئاساییشی هاووڵاتیانی خۆی پێویستیی بە سوپایێکی نیشتمانیی ڕێکخراو هەیە. کۆمەڵەی یەکسانی کوردستان بە هۆی داگیرکراویی کوردستان تەنانەت بەر لە ڕزگاریی کوردستانیش، پێکهێنانی سوپای نیشتمانیی کوردستان بە پێویست دەزانێت. پێویستە سوپای نیشتمانیی بە بەشداریی کەسانی سەرووی ١٨ ساڵ دابمەزرێت و هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش ببێت بە بەشێک لە سوپای نیشتمانیی کوردستان. سوپای نیشتمانیی کوردستان پێویستە لە کوردستانی سەربەخۆدا لە ژێر دەسەڵاتی هیچ حیزبێکی سیاسییدا نەبیت و بەبێلایەنیی لایەن دەوڵەتی کوردستانەوە کۆنترۆڵ بکرێت ومافی دەستوەردان لە کاروباری سیاسیی وڵاتیشی نەبێت. لە کوردستانی سەربەخۆدا هەموو هاووڵاتییەکی کوردستان ئەرکی سەربازیی خۆی کە ماوەکەی بە یاسا لە لایەن پارلمانی کوردستانەوە ڕێک دەخرێت، جێبەجێ دەکات.

**ت. پۆلیس و ئاسایشی کوردستان**

بوونی ئۆرگانەکانی پۆلیس و ئاسایش بۆ پاراستنی ڕێسا و ئاسایشی ناوخۆیی وڵات پێویستن. ئۆرگانەکانی پۆلیس و ئاسایشی کوردستان پێویستە لە خزمەت هاووڵاتیاندا بن و ئەرکی سەر شانیان پاراستنی ڕیسا و ئاسایشی وڵات دەبێت نەوەک سنووردارکردنی ماف و ئازادییەکانی تاک و کۆمەڵ یان ترساندن و دەستوەردان لە ژیانی تایبەتیی خەڵک. پێویستە ئەم ئۆرگانانە لە لایەن شارەوانییەکان و لەژێر چاودێریی وەزارەتی ناوخۆوە ڕێک بخرێن و بەڕێوە ببرێن.

**ج. یاسای سزادان**

لە سیستەمی دێموکراتیک، سێکۆلار و یەکسانیی کوردستاندا پێویستە هەموو کارە نایاساییەکان و سزاکان بە ڕوونیی لە چوارچێوەی یاسایی و مافناسییەوە دیاری بکرێن و هیچ ئۆرگان و لایەن و کەسێکیش لە دەرەوەی یاساکانی وڵاتدا ماف و دەسەڵاتی سزادانی هاووڵاتیانی نەبێت. کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان دژی هەموو شێوەیەکی سزای سێدارە و کوشتنە و ئەم سزایە بە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ دەزانێ. هەروەها پێویستە بەندیخانەکان و شوێنەکانی تێپەڕاندنی سزا بکرێن بە شوێنی پەروەردەی خەتاکار و تاوانبارەکان نەوەک شوێنی شکەنجە و کوشتنیان. بەڕێوەبەران و کارمەندان و سەرباز و پاسەوانەکانی ئەم شوێنانە پێویستە پەروەردەی تایبەتییان هەم لەبوواری پاراستن و هەم لە بوواری مرۆڤایەتییەوە پێ بدرێت و بە هەموو شێوەیەک پارێزەری بنەماکانی مافی مرۆڤ بن.

**برگەی سێیەم: یەکسانی**

ئەم برگەیە لە نۆ بەش پێک هاتووە کە بریتیین لە: ئا: دەرفەتی یەکسان لە ماف و ئازادییەکان، ب. پەروەردەی کۆمەڵگەی یەکسان، پ. مافی یەکسانیی ژن و پیاو، ت. مافە سەرەتاییەکانی کرێکاران و کارمەندان، ج. مافە سەرەتاییەکانی منداڵان و گەنجان، چ. زمان، وێژە و کولتوور، ح. خوێندنو پەروەردەی گەورەساڵان، خ. مافە سەرەتاییەکانی بەساڵاچووان، د. ژینگەی کوردستان، کە باوەڕ و بەرنامەی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان لەم بابەتانەوە ڕوون دەکرێتەوە.

**ئا: دەرفەتی یەکسان لە ماف و ئازادییەکان**

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان بڕوای بە یەکسانی مرۆڤەکان هەیە لە ماف و ئازادی و دەرفەتەکان بەبێ هیچ جیاکاریی و هەڵاواردنێک. لەم ڕوانگەوە "یەکسانی" چ لە وشە دا و چ وەکو هزر، وەک "هەبوونی دەرفەت و مافی هاوشێوە بۆ هەموو مرۆڤێک" پێناسە دەکرێت. هەر لەسەر ئەم بنەمایە، "کۆمەڵەی یەکسانی" خوازیاری کۆمەڵگەیێکە لەسەر بنەمای ئازادی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و مافی یەکسان بۆ هەموو مرۆڤێک. مرۆڤەکان بەگشتی لە ڕووانگەی کۆمەڵەی یەکسانییەوە خاوەن بەهایەکی یەکسانن و پێویستە ڕێز لە ئیرادە و بڕیاری تاکەکان لەسەر چارەنووس و ژیانیان بگیردرێت.

کۆمەڵەی یەکسانی هەڵاواردن و پێشداوەری لە هەموو بووارەکانی ڕەگەزیی، ئایینی، هزری، زایەندی (جینسی)، جەستەیی و ئێتنیکی لە دژی هەر تاک و کۆمەڵێک و لە هەر ماف و ئازادییەک، بە پێشێلکاریی و سنووردارکردنی

مافەکانی تاک و کۆمەڵ دەزانێ و بە هەموو شێوەیەک ڕەتی دەکاتەوە. لەسەر ئەم بنەمایە دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی یەکسان کە هەمووان بەبێ ترس لە ڕاوەدوونان، پێشداوەری و هەڵاواردن، مافی بەشداری و کاریگەریی هاوبەش و هاوشێوەیان هەبێت و هەموو هاووڵاتییان خاوەنی ڕێز و مافی یەکسان بن و هەموان هەلومەرجی پێشکەوتن و گەشەکردن و بردنەسەری تواناییەکانیان لە هەموو بوارەکانی ژیان بۆ برەخسێت، وەک ئامانجی یەکسانییخوازانەی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان پێناسە دەکرێن.

بێجگە لەم ماف و ئازادییانەی پێشتر باسیان لێوە کرا، کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان ڕێز دەگرێ لە جاڕنامەی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ و هەموو بڕیارنامە و ڕێککەوتنە ناونەتەوەییەکان بۆ بەرگری لە مافەکانی منداڵان، ژنان، کەمایەتییە نەتەوەیی، ئێتنیکی و ئایینییەکان و پشتیوانییان لێ دەکات. لێرەدا ڕا و پێشنیارەکانی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان لە بابەت مافەکانی کرێکاران و کارمەندان، ژنان، منداڵان و بەساڵاچوون و هەروەها مافەکانی کار، خوێندن و گەشەکردنی هاووڵاتییانی کوردستان دەخەینە ڕوو:

**ب. پەروەردەی کۆمەڵگەی یەکسان**

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان پشتگیریی لە پەروەردەیەکی کۆمەڵایەتیی زانستیی و دێموکراتیک دەکات کە بە پێی بەرنامەیەکی دیارییکراو و بە بەشداریی پسپۆڕانی کۆمەڵناس و مافناس داڕێژرێت و لە هەر شار و ناوچەیەکدا کۆمەڵێ بنکە و ناوەندی پەروەردی کۆمەڵایەتیی هەبن کە بۆ ناساندنی هەموو پێکهاتە و ئایین و بیر و بۆچوونەکانی کۆمەڵگەی کوردستان تێبکۆشن و هەموو پێکهاتەکانییش بە یەکسانیی دەرفەتی دەرکەوتن و خۆناساندنیان هەبێت. لەم ڕێیەوە خەڵکی کوردستان بێجگەلە یەکتر ناسیین و یەکتر قبووڵکردن، بە فەرهەنگێکی دێموکراتیک بار دێن و لە توندوتیژیی و خۆسەپاندن دوور دەکەونەوە.

باسە سەرەکییەکانی ئەم ناوەندانە بێجگەلە کۆمەڵێک باسی گشتیی وەک یەکسانیی ژن و پیاو و مافی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە، پێویستە بە پێی گیروگرفتەکانی کۆمەڵگە و بە پێی پێویستیی هەر ناوچەیەک لە لایەن پسپۆڕانی ناوەندەکانی پەروەردەی کۆمەڵگەی یەکسان دیاریی بکرێن. بەشداریی هاووڵاتییان لەم باس و وتووێژانەدا و هەوڵیان بۆ خۆپێگەیاندن و کاریگەرییان لەسەر پێگەیاندنی هاووڵاتیانی تر لە ڕێی خستنەڕووی ئەزموون و تێڕوانینی خۆیان دەبێتە هۆی گەشە و دێموکراتییکبوونی کۆمەڵگەی کوردستان. پێویستە تێچووی ئەم ناوەندانە لە لایەن دەوڵەت یان شارەوانییەکانی شار و گوندەکانەوە دابین بکرێت.

**پ. مافی یەکسانیی ژن و پیاو**

کۆمەڵەی یەکسانی کوردستان هەموو هەڵاواردنێکی زایەندی (جینسی) ڕەت دەکاتەوە و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە پێویستە مرۆڤەکان بەبێ جیاوازیی ڕەگەزیی و جەستەیی، وەک مرۆڤ و هاوشان سەیر بکرێن. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش کۆمەڵەی یەکسانی بڕوای بە یەکسانیی ژن و پیاو لە بواری هەموو مافێکەوە هەیە و ڕەخساندنی هەموو هەلومەرجێکی یەکسان بۆ پێشکەوتن و گەشەکردنی هاوشێوەی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا بەپێویست دەزانێ و بە هەموو توانای خەباتی بۆ دەکات. یەکسانی لە دژی هەموو ئەو یاسا و دابونەریتە دواکەوتووانەیە کە لە سۆنگەیانەوە مێژوویێکی دووروودرێژە مافە

سەرەتاییەکانی ژنان پێشێل دەکرێن. هەر بۆیەش خەبات بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی یەکسانی دوور لە هەڵاواردن و چەوساندنەوە، بەتایبەت بۆ ڕزگاریی یەکجاریی ژن لە هەموو ئەو کۆتوبەندە یاسایی، سیاسیی، ئابووریی، فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتییانەی کە بە درێژایی مێژووی کۆمەڵگە پیاوسالارەکان، ژنیان کردۆتە هاووڵاتی پلە دوو، پێویستیەکی سەردەم و هەنووکەییە و ئەرکی سەرشانی هەر ژن و پیاوێکە کە بۆ گۆڕینی ئەو ڕەوشە دژوارەی ژنان بێتە مەیدان و لە حاند ئەو هەموو مافکوژیی و ناڕەوایی‌یانەی بەرامبەر بە ژنان دەکرێت بێدەنگ نەبێت.

لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمگەلی دیکتاتۆر و پیاوسالار و کۆنەپەرست و داگیرکەردا، ژنان هەم وەک ژن دەچەوسێندرێنەوە و هەم وەک کوردستانییش تەوژمێکی ڕاسیستیی زۆریان لەسەرە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕژێمێکی ئیسلامی داگیرکەر بە پشتبەستن بە یاسا ئایینیی و پیاوسالارییەکانییەوە زیاتر لە ٣٠ ساڵە ژنانی کوردستان و ئێرانی لە هەموو مافێکی سەرەتایی مرۆڤ بێبەش کردووە. لە باکووری کوردستان و تورکیەش دەوڵەتی فاشیستیی ــ ئیسلامیی تورکیە ڕۆژبەڕۆژ لە هەوڵی سەندنەوەی ئەو مافە کەمانە دایە کە حکوومەتەکانی پێشووی ئەو وڵاتە دانیان پێدا نابوون. بەداخەوە لە باشووری کوردستان، بەهۆی درێژەدان بە کولتووری پیاوسالاریی و نەرمینواندن بۆ ئیسلامی سیاسیی، ڕەوشی ژنان زۆر لە ڕەوشی ئەو ژنە کوردستانییانە باشتر نییە. لە ڕۆژئاوای کوردستانیش لە سایەی ڕژیمی داگیرکەری بەعسی سووریە ڕەوشی ژنان لە بووارێکی زۆر خراپ دایە. دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ڕۆژئاوای کوردستان، بەشداریی ژنان لە کۆمەڵگە و خەبات لە ڕۆژئاوای کوردستان پەرەی سەندوە و کۆمەڵێک یاسای باش لەم بەشەی کوردستان پەسند کراون بەڵام بۆ ئەوەی مافەکانی ژنان لە هەموو بووارێکەوە لە کۆمەڵگەدا وەدی بێن، پێویستە لە هەموو کوردستان کار و خەباتێکی هاوبەشی زۆر لەوە زیاتری بۆ بکرێت.

ئەوەی ڕوونە لەم ناوەدا ژنانی کوردستان بۆ ڕزگاریی خۆیان لەم ڕەوشە دژوارە هەرگیز دەستەوستان دانەنیشتوون و لە بزووتنەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان و لە بزووتنەوەی یەکسانییخوازانەی ژناندا بەشداریی چالاکانەیان کردووە و لەم بزووتنەوانەدا هەزاران تێکۆشەری قارەمانی وەک لەیلا قاسم، مەستوورەی شاسواریی (تەوار)، بەیانی بەرقرو، مارگارێت، شیرینی عەلەمهولی، سەکینە جانسیز و هتد. سەربەرزانە سەریان ناوەتەوە.

کۆمەڵەی یەکسانی کوردستان بۆ یەکسانیی ڕاستەقینەی مافەکانی ژن و پیاو تێ دەکۆشێ و لەم پێناوەدا ئەم خاڵانەی خوارەوە بە لانیکەمی مافە سەرەتاییەکانی ژنان و بوونی جاڕنامەیەکی تایبەت بە پرسی ژن لە ئاستی کوردستاندا بە پێویستیەکی هەنووکەیی دەزانێ. ئەم خاڵە گرینگانەی کە پێویستە لە جاڕنامەیەکی هاوبەش و هەمەلایەنەدا، سەرەکیترین ماف و داخوازییەکانی ژنان بگرێتە خۆی لە ڕوانگەی یەکسانییەوە بریتیین لە:

١. مافی هەڵبژاردن یان دیارییکردنی ئازادانەی هاوسەر لە نێوان ژن و پیاو، مافێکی سەرەتاییە و بەشێکە لە مافی تاک بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووس و ژیانی خۆی. لەسەر ئەم بنەمایە کەس مافی زۆرییکردن و فشارخستنەسەر تاکێکی تری نییە بۆ ئەوەی ئەم مافەی لێ زەوت بکات.

٢. هەڵوەشاندنەوەی یاسای چەندهاوسەریی و قەدەغەکردنی فرەژنیی.

٣. قەدەخەکردنی شیربایی و ئالوگ و هەموو جۆرە مامەڵەیەک کە بە ژنانەوە دەکرێت.

٤. مافی بڕیاردان لەسەر جیابوونەوە و سەرپەرشتی منداڵ و دامەزراندنەوەی ژیانێکی نوێ.

٥. مافی ئازادانەی هەڵبژاردنی پیشە و دەرفەتی کاری وەک یەک لە هەموو بوارێکەوە.

٦. موچەی یەکسان لە بەرامبەر کاری هاوشێوە.

٧. بەهرەمەندبوون لە مافی سەربەخۆیی ئابووریی.

٨. قەدەخەکردنی دەرکردنی کرێکاران و کارمەندانی دووگیان بە بیانووی دووگیانییەوە.

٩. قەدەخەکردنی کاری قورس و ترسناک بۆ ژنانی دووگیان.

١٠. بەهرەمەندبوون لە پشووی دایکانە بە پێی بڕیاری کارناسان و پسپۆڕانی زانستە تەندروستییەکان، بەبێ کەمبوونەوەی موچە.

١١. دابینکردنی یارمەتیی ئابووریی بۆ ئەو دایکانەی لە ماڵەوە منداڵەکانیان بەخێو دەکەن.

١٢. بەهرەمەندبوون لە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی سەردەمی دووگیانیی، کاتی منداڵبوون و چاوەدێریی پزیشکیی دوای منداڵبوون.

١٣. مافی خوێندن لە هەموو بوارەکانی زانست و لە هەموو ئاستەکانی خوێندن و پەروەردەدا.

١٤. بەهرەمەندبوون لە مافی خاوەندارێتیی و میراتی یەکسان.

١٥. دابینکردنی بیمەی بێکاریی بۆ ئەو ژنانەی لە ماڵەوە دەمێننەوە.

١٦. مافی پۆششی ئازادانە و قەدەخەکردنی هەموو جۆرە پۆششێکی زۆرەملی.

١٧. مافی بەشدارییکردن لە هەموو بوارەکانی وەرزش.

١٨. مافی دەنگدان و خۆکاندیدکردن بۆ هەموو بەرپرسیاریەتیەکانی کۆمەڵگا.

١٩. قەدەخەکردنی چەوتبێژیی و ژنئازاریی بە بیانووی بانگەشە بۆ ئایین.

٢٠. قەدەخەکردنی پەرەپێدانی بیری نایەکسانیی و فەرهەنگی پیاوسالارانە لە پەرتووکەکانی خوێندن و لە سیستەمی خوێندن و پەروەردەدا.

٢١. قەدەخەکردنی هەموو جۆرە هەڵاواردن و جیاکردنەوەیەکی ژنان و پیاوان لە شوێنی کار و خوێندگەکان.

٢٢. قەدەخەکردنی کوشتن و هەموو جۆرە توندوتیژییەکی جەستەیی و دەروونیی ژنان.

**ت. مافە سەرەتاییەکانی کرێکاران و کارمەندان**

بێکاریی یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە و سەرەتا و سەرچاوەی کۆمەڵێک کێشەی سامناکی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی تریشە. چینە چەوساوەکان و بەتایبەتییش کرێکاران و کارمەندان لە مێژووی چەند سەدەی ڕابردوودا پێشەنگی خەباتێکی نەپساوە بوونە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی یەکسان. لە کوردستان کرێکاران سەرەڕای ستەمی چینایەتیی، بەدەست ستەمی نەتەوایەتییشەوە دەناڵێنن.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆماری ئیسلامیی خراپتر لە ڕژیمەکانی پێشووی ئێران، بە شێوەیەکی سیستماتیک پێشی بە گەشەی ئابووریی کوردستان گرتووە و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کرێکارانی کوردستان بۆ دابینکردنی ژیانی خۆیان وەک کرێکاری وەرزیی، ڕوو بکەنە شارەکانی ئێران. بەهۆی گەمارۆی ئابووریی و قەیرانی بێکاریی، هەژاریی وەها تەنگی بە خەڵک هەڵچنیوە کە بەشێکی زۆر لە هەژارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵانی ڕابردوودا دەستیان داوەتە کاری کۆڵبەریی و کاروانچێتیی و ڕۆژ نییە ئەم خەڵکە هەژارە نەکەونە بەر دەستڕێژیی هێزە داگیرکەرەکانی ڕژیمی ئێران.

هاوکات بەشێک لە کرێکارانی ڕۆژهەڵات بۆ کارکردن ڕوویان کردۆتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان. لە باشووری کوردستان بە هۆی شەڕ و قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، بێکاریی و هەژاریی و گرانیی و کێشەی نیشتەجێبوون ڕووی لە زیادبوون کردوە و کرێکاران بەم هۆیانەوە ژیانیان خراپتر بووە و زیانێکی گەورەیان بەر کەوتووە. لە باکووری کوردستانیش بەهۆی سیاسەتی داگیرکارییەوە کە هۆکارێکی گرینگی بێکاریی و هەژاریی خەڵکی ئەو بەشەی کوردستانە، ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارانی کوردستان و خەڵکی زەحمەتکێشی ئەو ناوچەیە، ڕوویان کردۆتە شارە گەورەکانی تورکیە و وڵاتانی ئەورووپا. لە ڕۆژئاوای کوردستانیش بەهۆی شەڕ و ئاوارەیی و گەمارۆی ئابوورییەوە هەژاریی و بێکارییەکی زیاتر بەربینگی بە خەڵکی ئەو بەشەی کوردستان گرتووە و ڕەوشەکە لە بەشەکانی تری کوردستان باشتر نییە.

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان بە هەر شێوەیەک کە لە دەستی بێت، پشتگیریی هەموو ماف و ئازادییەکانی کرێکاران و کارمەندان دەکات و بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژیانیان تێ دەکۆشێت. کۆمەڵێک لەم ماف و ئازادییانەی کە پێویستە کرێکاران و کارمەندان خاوەنی بن لە ڕوانگەی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستانەوە بریتیین لە: مافی دامەزراندن و ڕێکخستنی سەندیکا و یەکێتییە کرێکارییەکان و ئەندامبوون لەم ناوەندانەدا، مافی مانگرتن و خۆپیشاندان بەبێ ترس لە برینی مووچە یان دەرکران لە کار، مافی مووچەی یەکسان لە بەرامبەر کاری یەکسان، نەبوونی هیچ جۆرە هەڵاواردنێکی ڕەگەزیی، جینسیی، ئایینیی و ڕەنگیی، پاراستنی شوێنی کاری کرێکاران و کارمەندان بەپێی ستاندارده پیشەییە جیهانیەکان، مافی دوو ڕۆژ پشوو لە حەوتوودا بەبێ کەمکردنەوەی مووچە وەک هەمان ماف بۆ سەرجەم هاووڵاتییان، دیارییکردنی ٧ کاتژمێر کار وەک کاری فەرمیی ڕۆژانەی کرێکاران و کارمەندان، مافی پشووی ساڵانە بۆ کرێکاران و کارمەندان بە پێی ستاندارده پیشەییە جیهانییەکان وەک هەمان ماف بۆ سەرجەم هاووڵاتییان، بەهرەمەندبوونی ئەو کرێکارانەی خانوو و شوێنی ژیانیان نییە بە هاوکاریی دەوڵەت، مافی وەرگرتنی بیمەی بێکاریی بۆ

ئەو کرێکار و کارمەندانەی بێکار دەبن و هاوکات هاوکارییکرانیان لە لایەن ئیدارەی کارەوە بۆ دۆزینەوەی کاری نوێ، مافی گرێبەستی سەرتاسەریی کرێکاران و یەکێتییە کرێکارییەکان لەگەڵ یەکێتیی خاوەنکاران، نایاساییبوونی کرێکاریی منداڵان، کەمکردنەوە تەمەنی خانەنشینی بەپێی سەختیی و جۆری کار. (پێشنیاری کۆمەڵەی یەکسانیی ئەوەیە کە تەمەنی خانەنشینی بە گشتی بۆ ئاستی ٦٠ساڵیی کورت بکرێتەوە).

**ج. مافە سەرەتاییەکانی منداڵان و گەنجان**

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان تێ دەکۆشێت کە لە دەسەڵاتی سیاسیی کوردستاندا هەموو مافەکانی منداڵان و گەنجان بەپێی جاڕنامەی ناونەتەوەیی مافەکانی منداڵان پارێزراو بن. مافی خوێندن و پەروەردەیەکی زانستیی و پێداگۆژییک، مافی دەسڕاگەیشتن بە کەرەستە و پێداویستییەکانی سەردەمی منالّیی لە هەموو بووارەکانی زانستی، کولتوریی، وەرزشیی، یارییکردن و دابینکردنیان لە ئەرکە گرینگەکانی دەوڵەتی کوردستانن. دابیینکردنی قوتابخانەی پێویست و دامەزراندنی مامۆستای شارەزا لە هەموو بووار و ئاستەکانی خوێندندا، دابینکردنی کتێب و سەرجەم کەرەستەکانی خوێندن، بە زانستییکردنی ناوەرۆکی کتێبەکانی خوێندن، ڕاهێنانی مامۆستایان بۆ پەروەردەیەکی زانستیی و کولتوورێکی دێموکراتیک بە پێی زانستی پێداگۆژیی ڕۆژ، دابینکردنی هەلومەرجی لێکۆڵینەوە بۆ گەشەی خوێندکاران و لێکۆڵەران لە ئاستێکی بەرزدا بۆ هەموو بووارەکانی زانستی، دابینکردنی خوێندن بە زمانی ئینگلیزیی وەک زمانێکی ناونەتەوەیی و هەروەها بۆ دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە زانستییەکانی ڕۆژی دونیا، دابینکردنی پەرتووکخانە و سەرجەم کەرستەکانی پێویست وەک کۆمپیووتەر و کەرەستە دیجیتاڵییەکان بۆ خوێندکاران و مامۆستایان، دابیینکردنی خوێندن و پەروەردە و کەرستەکانی پێویست بۆ کەسانی خاوەنپێداویستیی تایبەت و هەر وەها خەبات لە دژی هەموو دابونەریت و بیروبۆچوونێکی دواکەوتووانە لە خوێندنگەکان کە ڕێگر بن لە گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی زانست، فەرهەنگ، زمان و کولتووری خەڵکی کوردستان، وەک بەشێکیتر لە پرۆژە و باوەڕ و لە ئامانجەکانی کۆمەڵەی یەکسانیی بۆ خوێندن و گەشەیەکی یەکسان بۆ داهاتووی کوردستان هەژمار دەکرێن.

مافی دەربڕین، نووسیین، ڕەخنەگرتن و پەروەردەبوون لە بنەماڵە و کۆمەڵگەیەکی دێموکراتیک کە ڕێز لە مافەکان و پێداویستیەکانی منالّان دەگرێت، بەشێکن لە مافە سەرەتاییەکانی منالّان. هەموو ئەوانەی کە لە ژێر تەمەنی ١٨ ساڵییەوەن بە منالّ هەژمار دەکرێن و پێویستە لە هەموو بووارێکەوە پارێزراو بن. پاراستنی منالّان لە توندوتیژیی، لە کریکاریی، لە بوواری جینسیی و لە هەموو بووارێکدا کە کارتێکەریی نەرێنیی بکاتە سەر جەستە یان دەروونیان ئەرکی دەوڵەت، کۆمەڵگە، بنەماڵە و هەموو تاکێکە. پێویستە هەموو دایکوباوکێک بەبێ جیاوازیی بە پێی ژمارەی منالّەکانی یارمەتیی ئابووریی تایبەت بە منالّانیان پێ بدرێت. دابینکردنی کەرەسە و کەلوپەل و بوواری گوزەرانی پێویست لە هەموو بووارێکەوە بۆ ئەو منالّانەی لە بوواری جەستەیی و دەروونییەوە نەساخن، ئەرکی حکوومەتی کوردستانە. سەپاندنی هەر بیروباوەڕ و ئایینێک بەسەر منالّاندا کارێکی نایاسییە و پێویستە منالّان بە بیرێکی ئازادەوە پەروەردە بکرێن و ئەو مافەیان پێ بدرێت کە گەیشتنە تەمەنی ١٨ سالیی، خۆیان بیر و ئایینی خۆیان هەڵبژێرن. بەکارهێنانی منالّان بۆ شەڕ، کاری سیکسی یا بۆ هەر شتێک کە دژی مافەکانی منالّان بێت کارێکی نایاسییە و پێویستە لێپرسینەوە و سزای توندی یاسایی بەدواوە بێت. بۆ پشتگیرییکردن و چاودێرییکردنی بارودۆخی منالّان و پاراستنیان لە توندوتیژیی، پێویستە لە حکوومەت و کۆمەڵگەشدا ناوەندی ڕاوێژ و چاودێرییکردنی منالّان هەبن کە پسپۆڕی ئەم بووارەن و لە لایەن حکوومەتەوە پشتگیریی ماددی و مەعنەوی بکرێن.

### چ. زمان، ویژە و کولتوور

زمان، ویژە و کولتووری هەر نەتەوەیەک، پێناسە و سامانێکی بەنرخن و لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ڕاگرتن و مانەوەی ئەم نەتەوە دێنە ژمار. هەر بۆیەش پەرەپێدان و پاراستنی زمان، ویژە و کولتووری کوردی لە ڕوانگەی کۆمەڵەی یەکسانییەوە بەهایێکی زۆریان هەیە و گرینگیی تایبەتیان پێ دەدرێت. بۆ پەرەپێدانی ویژە و زمان و کولتووری کوردی پێویستە بنکە و شوێنەکانی فەرهەنگی، ویژەیی، کولتووریی و وەرزشی لە کوردستاندا گرنگیەکی تایبەتیان پێ بدرێت. داگیرکەرانی کوردستان بە درێژایی مێژوو هەوڵی تێکدان و سڕینەوەی زمان و کولتووری کوردانیان داوە و کۆمەڵەی یەکسانی هەوڵی ڕاستکردنەوەی مێژوو، فەرهەنگ، ویژە و زمانی کوردی لە مێژوو، فەرهەنگ و ئەدەبیاتی داگیرکەران بەپێویست دەزانێ. هاوکات ویژەی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان پێویستە ویژەیەکی پاراوی کوردی بێت.

لە بابەت زارەوە و بنزاراوەکانی زمانی کوردییەوە، کۆمەڵەی یەکسانی بڕوای بە یەکسانیی هەردوو ڕێنووسی لاتینی و ئارامیی کوردی هەیە و چەند زاراوەیی زمانی کوردی لە کوردستان بە سروشتی جوان و دەوڵەمەندیی زمانی کوردی دەزانێ و وێڕای پاراستنی زاراوەکانی سۆرانی، کوردمانجی، زازاکی، هەورامیی و کوردمانجیی خواروو (کەڵهوری) لە هەموو ئەم ناوچانەی کە بەم زاراوانە دەدوێن، بە ستانداردکردنی زمانی کوردی و خوێندن و نووسینێکی هاوبەش کە هەموو خەڵکی کوردستان بتوانن پێی بخوێنن و پێی بدوێن، بە پێویست دەزانێ و پشتگیری لێ دەکات.

### ح. خوێندن و پەروەردەی گەورەساڵان

پێویستە دەوڵەتی کوردستان هەلومەرجی خوێندن و گەشەکردنی ئەم کەسانە برەخسێنێ کە بە هەر هۆکارێکەوە لە تەمەنی منداڵییدا نەیانتوانیوە بخوێنن یان بارودۆخی خوێندنیان بۆ نەڕەخساوە. خوێندنی گەورەساڵان و هەروەها بوونی کۆمەڵێک ناوەندی فێرکاریی پیشەیی بۆ پرۆفیشناڵکردنی هێزی کاری کۆمەڵگەی کوردستان یەکێک لە بووارە گرینگەکانی دەوڵەتە بۆ پێگەیاندن و بردنەسەری ئاستی چۆنایەتیی کۆمەڵگە هەم لە بوواری گەشەی هزریی و هەم لە بوواری گەشەی کار و بەرهەمهێنانی خۆماڵیی. بوونی پلان و پرۆژەی زانستیی و کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو لەم بووارانەوە دەتوانێ یارمەتییدەر بن.

### خ. مافە سەرەتاییەکانی بەساڵاچووان

یەکێک لە ئەرکەکانی دەوڵەتی کوردستان ئاگاداریی و پارێزگارییکردنە لە خانەنشینکراوەکان و کەسانی بەساڵاچوو. پێویستە کۆمەڵێک ناوەند لە سەراسەری وڵات لە لایەن دەوڵەتەوە دیاری بکرێن کە لە هەموو بووارەکانی نیشتەجێبوون و شوێنی ژیان، تەندروستیی جەستەیی و دەروونیی، ئابووریی و هەروەها دابینکردنی خواردن وسەرجەم کەرەسەکانی پێویستی ژیانی ڕۆژانەی کەسانی بەساڵاچوو، یارمەتییان بدەن و پێیان ڕا بگەن. لەم بابەتەوە پێویستە تا ئەو جێگەیەی بەساڵاچووان خۆیان خوازیار بن، لە ماڵی خۆیاندا خزمەتیان بکرێت و مەجبوور نەکرێن کە بۆ ژیانکردن بگوێزرێنەوە شوێنی بەساڵاچووان. ڕێزگرتن و پاراستنی شکۆی بەساڵاچووان، بەبێ هیچ هەڵاواردنێکی ڕەگەزیی، جینسیی و چینایەتیی ئەرکی هەموو تاکێک و بەتایبەت ئەرکی دەوڵەتی کوردستانە و لەم بابەتەوە پێویستە لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو کەڵک وەرگیرێت.

**د. ژینگە و سامانە سروشتییەکانی کوردستان**

جیهان بە گشتیی و کوردستان بەتایبەتی بە ژینگەکەیانەوە بەنرخ و جوانن. کۆمەڵەی یەکسانی کوردستان پاراستنی ژینگە و کەڵکوەرگرتنی ژیرانە و زانستییانە لەڕێی سیاسەتێکی ژینگەناسیی زانستی لە سروشت و ژینگەی کوردستان لەسەر بنەماکانی "گەشەی بەردەوام" (Sustainable development)، بۆ نەوەی ئێستا و داهاتووی کوردستان بە پێویست دەزانێ. سەرجەم سامانە سروشتییەکانی وەک سەرچاوەکانی ئاو، نەوت، گاز، کانزاکانی بەرد و ڕەژیی و هەروەها دارستان و کێوەکان مڵکی گشتیی خەڵکی کوردستانن و پێویستە لە لایەن ناوەندێکی دەوڵەتی کوردستانەوە سەرپەرشتییان بکرێت و لەسەر بنەما زانستییەکانی "گەشەی بەردەوام" بەڕێوە بچن و لە خاوەندارێتیی شەخسیی و تاکەکەسیی بەدوور بن.

بۆ ئەوەی نەوەکانی ئێستا و داهاتووش بتوانن لە سروشت، زیندەوەران، ئاو و هەوا و ژینگەیەکی تەندروست و خاوێن بەهرەمەند بن، پێویستە لە لایەک کولتووری ژینگەپارێزیی لە کوردستان پەرە پێ بدرێت و هەر لە قۆناخەکانی سەرەتاییەوە منداڵانی کوردستان بە کولتووری خۆشەویستنی ژینگە و ئاژەڵان و سرووشت پەروەردە بکرێن. لە لایەکی تر پێویستە بە پرۆژە و بەرنامەی زانستی و بە کەڵکوەرگرتن لە پسپۆڕانی ئەم بووارەوە سیاسەتی گەشەی ئابووریی کوردستان لەگەڵ ئاستی خۆگریی زیندەوەران و سروشتی کوردستان گونجاو بێت. پێویستە دەوڵەتی کوردستان بەرنامە و پرۆژەی زانستیی و هەروەها بوودجەی دیاریکراوی بۆ سروشت، خۆگریی زیندەوەران و ژینگەپارێزی لە کوردستان هەبێت و هاوکات ئەم سیاسەتە بە هاوئاهەنگی و هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی جیهان لەم بوارەوە بەڕێوە بەرێت.

لە قۆناخی ڕزگاریی نیشتیمانییدا کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان پێوەندیی خۆی لەگەڵ ژینگەپارێزانی کوردستان، لە ڕێی ناوەندی شارستانییەوە ڕێک دەخات و لەم ڕێیەوە لەگەڵ چالاکوانانی ژینگەپارێزی کوردستان هاوکار و هاوئاهەنگ دەبێت.

**بەشی سێیەم:**

**چارەسەرکردنی گرفت و کێشە کۆمەڵایەتییەکان**

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان بوونی بەرنامە و پرۆژەی ئابووریی و پەروەردەیی بە باشترین ڕێگە بۆ چارەسەریی گرفت و کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەزانێت و لەم بابەتەوە پرۆژە و بەرنامەی خۆی لە حەوت برگەدا دەخاتە ڕوو کە بریتیین لە:

یەکەم: چارەسەرکردنی بێکاریی و هەژاریی، دووهەم: سیاسەتی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاریی یەکسان، سێیەم: بەڕێوەبەرایەتیی سۆسیال، چوارەم: بنکەی بیمەی گشتیی،پێنجەم: سیستەمی تەندروستیی کوردستان، شەشەم: بنبڕکردنی ماددە هۆشبەرەکان کە لێرەدا ڕووانگەی کۆمەڵەی یەکسانیی لەم بووارانەوە دەخەینە ڕوو.

**بڕگەی یەکەم: چارەسەرکردنی بێکاریی و هەژاریی**

یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی هەژاری، بێکارییە کە پێویستە حکوومەتی کوردستان لە سەرەتای هاتنە سەر کارییەوە لە ڕێی پسپۆڕانی تایبەتی کار لە ئیدارەی کار و ناوەندە پێوەندییدارەکانی کارەوە بو دابینکردنی کار بۆ بێکاران هەوڵ بدات. کەڵکوەرگرتن لە توانایی پسپۆڕان و شارەزایانی دەرەوە لەم بووارە و بەتایبەت لە پسپۆڕانی کوردستانیی دەرەوەی وڵات دەتوانێ بەشێک لە بۆشاییەکانی ئەم بووارە پڕ بکاتەوە.

**بڕگەی دووهەم: سیاسەتی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاریی یەکسان**

پێویستە دەوڵەتی کوردستان سیاسەتێکی یەکسان بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەشەی گوند و شارەکان پێڕەو بکات. پێویستە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بە پێی ستانداردەکانی جیهانیی بن و دانیشتووانی کوردستان بەبێ جیاوازیی، لە هەموو خزمەتگوزارییە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان بەهرەمەند بن. بوونی ڕێگاوبانی پێویست بە ئاساییشی دابینکراوەوە، دابینکردنی ئاوی خواردنەوەی پێویست، دابینکردنی ئەلکتریک و تەلەفوون و ئەنتەرنێت، دابینکردنی بنکەکانی تەندروستی، قوتابخانە، پەرتووکخانە، بنکەکانی کولتووریی، وەرزشیی و هونەریی، ئەدەبیی و سەرجەم بنکە و ناوەندێکی پێویست بۆ وەرزێریی، ئاژەڵداریی و هەروەها کەلوپەلەکانی بەرهەمهێنان بۆ گوندنشینەکان، ئەرکی دەوڵەتی کوردستانە. پێویستە سیاسەتی گەشە، ئاوەدانکردنەوە و خزمەتکردنی هاووڵاتییان لەم بووارانەوە بەبێ هەڵاواردن و بە شێوەیەکی پێشکەوتوو و زانستیی لە هەموو کوردستان پێڕەو بکرێت.

**بڕگەی سێیەم: بەڕێوەبەرایەتیی سۆسیال**

بەڕێوەبەرایەتیی سۆسیال یەکێکە لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی خزمەتگوزاریی لە وڵاتانی دێموکراتیک و گەشەکردوو بۆ ئەو تاک و بنەماڵانەی بە هەر هۆکارێک لە هێڵی هەژارییدان یان بە هەر هۆکارێک تووشی قەیرانی ئابووریی هاتوون و ناوەندەکانی تری کار و بیمە کۆمەڵایەتییەکان نەیانگرتوونەتە خۆ. هەر لەم ڕوانگەوە کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان بوونی بەڕێوەبەرایەتیی سۆسیال لە کوردستان وەک سیستەمێکی خزمەتگوزاری چاودێریی ئابووریی کۆمەڵایەتیی بۆ ڕاگرتنی باڵانسی ئابووریی بنەماڵە هەژارەکان، مناڵان، گەنجان، تووشبووانی مادە هۆشبەرەکان و هەموو ئەو کەسانەی بە شێوەیەک لە شێوەکان تووشی قەیرانی ئابووریی دێن بە پێویست دەزانێت و پشتگیریی دەکات.

**بڕگەی چوارەم: بنکەی بیمەی گشتیی**

پێویستە دەوڵەتی کوردستان وەک سەرجەم وڵاتانی پێشکەوتوو و دێموکراتیک خاوەنی سیستەمی بیمەی گشتیی بێت بۆ ئەو کەسانەی پێویستییان بە وەرگرتنی ئەم بیمەیە دەبێت. ئەرکی ئەم بنکەیە لێکۆڵینەوە و بڕیاردانە لەسەر پێدانی یارمەتیی ئابووری بە هەندێ تاک کە بە هۆی نەخۆشیی یان ماوەیەک بێکارییەوە لە مافی یارمەتیی بێکاریی لە سندووقی بیمەی کریکاران بێبەش بوونە و بە وەرگرتنی ئەم بیمەیە، تا دۆزینەوەی کاری نوێ یان گۆڕینی بارودۆخەکە، قەرەبوو دەکرێنەوە. هاوکات ئەم بنکەیە چەندین ئەرکیئابووریی وەک یارمەتیی مناڵ، یارمەتیی کرێخانوو، بێمەی دایک و باوک، هەروەها بیمەی نەخۆشیی لە ستۆیە و دوای لێکۆڵینەوە، یارمەتییەکە بەو کەسانە دەدات کە بە پێی یاسا دەیانگرێتەوە.

**بڕگەی پێنجەم: سیستەمی تەندروستیی کوردستان**

کوردستان پێویستیی بە سیستەمێکی تەندروستیی پێشکەوتوو بە ستانداردەکانی وڵاتانی گەشەکردوو هەیە. یەکێک لەو گرفتە سەرەکییانەی کۆمەڵگەی کوردستان و بەتایبەت خەڵکی هەژار و کەمدەرامەد بە دەستییەوە دەناڵێنن، نەخۆشیی جۆراوجۆرە. داگیرکەرانی کوردستان بە سیستەمی نایەکسان و چەوسێنەریان لە لایەک و بە هێرش و ترساندن و تۆقاندنی داگیرکەرانەیان بوونەتە هۆی گەلێک نەخۆشیی جەستەیی و دەروونیی لە کوردستان. لە سیستەمی داهاتووی کوردستانی ڕزگارکراودا پێشنیاری کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان دابینکردنی بوودجەیەکی تایبەت دەبێت بۆ پشتگیریی و پەرەپێدانی زانستی پزیشکی لە هەموو بووارێک و ئاستێکی تەمەندا. دامەزراندنی سیستەمێکی تەندرووستیی بەخۆڕایی کە هەموو هاووڵاتیان بە یەکسانی لە مافی پشکنینی پزیشکی و چارەسەریی بەخۆڕایی بەهرەمەند بن و بوودجەی ئەم پشکنین و چارەسەرییەش لە لایەن دەوڵەتەوە دابیین بکرێت، یەکێکی تر لە پێشنیارەکانی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان دەبێت بۆ بنیادنانی سیستەمێکی تەندروستی یەکسانییخواز لە کوردستان.

**بڕگەی شەشەم: بنبڕکردنی مادده هۆشبەرەکان**

داگیرکەرانی کوردستان لە چەند دەیەی ڕابردوودا لە هەموو کەرستەیەک بۆ خۆبەدەستەوەدانی خەڵکی کورد و بەتایبەت گەنجان کەڵکی ناڕەوایان وەر گرتووە. بڵاوکردنەوە و گیرۆدەکردنی خەڵک بە مادە هۆشبەرەکان بە هەموو جۆرەکانییانەوە یەکێک لەم شێوازانە بوونە کە بێجگەلە زیانی ئابووریی بۆ تاک و بنەماڵەکانیش، ژیانی هەزاران تاکی کوردی خستۆتە مەترسییەوە و لەناو بنەماڵە و لە کۆمەڵگەشدا تاکەکانی تووشی قەیرانێکی ڕووحیی و جەستەیی گەورە کردووە.

پێویستە دەوڵەتی کوردستان لە داهاتوودا بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان بە یاسا جگە لە بوواری پێویستی پزیشکییەوە قەدەغە بکات. پێویستە بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان و یارمەتییدەرەکانیان بە شێوەیەکی یاسایی سزا بدرێن و ئەو کەسانەش کە تووشی مادە هۆشبەرەکان هاتوون لە ڕێی پزیشکیی و دابینکردنی بنکەی ڕزگارکردنی تووشبووان، یارمەتیی پێویست بدرێن و هۆشیاریی و زانیاریی کۆمەڵایەتییش چ لە بنکە تەندروستییەکان و چ لە ڕێی خوێندن و چ لە ڕێی مێدیاکان و کۆڕ ۆ کۆمەڵی کولتووریی و ڕۆشنبیریی لەم بووارەوە بەهێز بکرێت بۆ ئەوەی خەڵک بە گشتیی لەم دیاردەیە دوور بکەونەوە و کوردستان بە گشتیی خاوەنی کۆمەڵگەیەکی تەندرووست بێت.

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان بە پێویستی دەزانێت کە حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان لە قۆناخی ڕزگاریی نیشتمانییدا خەڵک و بەتایبەت گەنجان لە پیلانی ڕێژیمی ئیسلامی لەم بابەتەوە و هەروەها لە مەترسیی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان ئاگادار بکەنەوە و بە هەر شێوەیەک کە بۆیان دەکرێت ئەم پیلانەی دوژمنانی گەلەکەمان پووچەڵ بکەنەوە.

**بەشی چووارەم:**

**پارت و ڕێکخراوەکانی کوردستان**

لەم بەشەدا ئاماژە بە چۆنیەتیی پێوەندیی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان لە لەگەڵ پارت و ڕێکخراوەکانی کوردستان و هەروەها باوەڕی یەکسانی لە بابەت شەڕ و دووبەرەکیی ناوخۆیی لایەنەکانی کوردستان دەکرێت. پێوەندیی دەرەکیی و بەتایبەت پێوەندیی یەکلایەنەی لایەنەکانی کوردستان لەگەڵ داگیرکەران بەشی کۆتایی ئەم بەشە پێک دێنێت.

**برگەی یەکەم: پێوەندیی کۆمەڵەی یەکسانی لەگەڵ پارت و ڕێکخراوەکانی کوردستان**

١. کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان ڕێز لە خەبات و تێکۆشانی هەموو پارت و ڕێکخراوە شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان دەگرێ و ئامادەیە لە پێناو ڕزگاریی و بەرژەوەندیی نەتەوەیی، هاوکاریی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بکات.

٢. پێوەندیی کۆمەڵەی یەکسانی لەگەڵ پارت و ڕێکخراوەکانی تر لەسەر بنەمای ڕێز و قەبووڵکردنی دوولایەنە دەبێت.

٣. کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان، سیاسەت و کردەوەی هەر دەسەڵات و هێزێکی کوردی کە لە خزمەت داگیرکەراندا بێت، یان دژی پێشکەوتن و گەشەکردنی خەڵکی کوردستان هەنگاو بنێتەوە، ڕەت دەکاتەوە.

٤. کۆمەڵەی یەکسانی تەنیا لەسەر بنەمای باوەڕ و بەرگری لە مافەکانی خەڵکی کوردستان و دووری لە بەرژەوەندیی یەکلایەنە و هەروەها دووری لە دووبەرەکی و شەڕی ناوخۆیی، ئامادەیە لەگەڵ لایەنەکانی تری کوردستان و هەروەها لایەنەکانی دەرەوەی کوردستان بەرە، کۆنگرە و پلاتفۆرم پێک بێنێت.

٥. کۆمەڵەی یەکسانی کوردستان بە گشتیی حیزب یان ڕێکخراوەی سیاسی وەک کەرستەیەک بۆ کۆکردنەوەی وزەی تاکەکان و بە ڕێکخستنکردنیان دەزانێ نەوەک وەک ئامانج. هەر بۆیەش هەرکات یەکسانی بەم ئاکامە بگات کە کارکردنی لە پرۆژەیەکی گەورەتردا لەگەڵ لایەنێک یان چەند لایەنێکی تری کوردستان هاوئامانج و هاوستراتیژ لە بەرژەوەندیی ڕزگاریی نیشتمانییە، دەتوانێ لە کۆنفرانس یان کۆنگرەیێکدا بڕیار لەسەر ئەم بابەتە بدات.

**برگەی دووهەم: قەدەخەکردنی شەڕی ناوخۆیی**

یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە درێژایی مێژوو و بەتایبەت لە یەک سەدەی ڕابردوودا، دووبەرەکیی و یەکتر پەسندنەکردن و پەنابردن بۆ شەڕ بووە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانیان. شەڕ و دووبەرەکیی ناوخۆیی نێوان لایەنەکانی کوردستان بەتایبەت لە قۆناخی ڕزگاریی نیشتیمانییدا بە هیچ شێوەیەک پەسند ناکرێت. وەها شەڕێک تەنیا لە بەرژەوەندیی داگیرکەرانی کوردستان و بە زیانی ڕزگاریی خەڵک و خاکی کوردستانە.کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان بە هەموو شێوەیەک دژی شەڕی ناوخۆییە و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە پەنابردن بۆ شەڕ و دووبەرەکی لە لایەن هەر لایەنێکی سیاسییە لە کوردستان، بە زیانی جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد و بە قازانجی داگیرکەرانی کوردستان تەواو دەبێت. هەر بۆیەش کۆمەڵەی یەکسانی هەر وەک لە ڕابردوودا سەرەڕای هەموو

فشار و ستەمێک کە لە لایەن چەند لایەنێکی کورد دیویەتی، هیچ کات بە شەڕ و بە چەک وڵامی هیچ لایەنێکی سیاسی لە کوردستان نەداوەتەوە و ئێستاش وێڕای درێژەدان بەم سیاسەتە، بۆ دووپاتنەبوونەوەی شەڕی ناخۆیی لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و نەهێشتنی کولتووری شەڕی ناوخۆیی هەوڵ دەدات.

پێویستە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ڕێز لە بەها دێموکراتییەکان بگرن و لە کاتی ناکۆکییەکاندا بە گەڕانەوە بۆ یاسا بەسەر هەموو ناکۆکیی و کەندوکۆسپێکدا زاڵ بن. هاوکات کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان بوونی پەیماننامەیەک لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بۆ پێشگرتن لە شەڕی ناوخۆیی بە پێویست دەزانێت. لە ئەگەری هەر ڕووداوێکیش پێویستە دوای لێکۆڵینەوەیەکی نوێنەرایەتیی لایەنەکان، لایەنی تاوانبار و یاساشکێن بناسرێندێت و سزای بۆ دیاری بکرێت.

بە مەبەستی پاراستنی ئاساییشی هاووڵاتییانی کوردستان و بەرگریی لە کوردستان بە گشتیی، پێویستە لە دەوڵەتی کوردستاندا چەک تەنیا لە دەستی سوپا و پۆلیسدا بێت. هەروەها پێویستە هێزی پێشمەرگە بکرێت بە بەشێک لە سوپای نیشتیمانیی کوردستان و هیچ لایەنێکی سیاسیی مافی بەکارهێنانی پێشمەرگەی لە دژی لایەنێکی تری کوردستان نەبێت.

**بڕگەی سێیەم: پێوەندیی دەرەوە**

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان پێوەندیی و دۆستایەتیی هەموو لایەن و دەوڵەتێکی ئازادیخواز و دێموکرات کە پشتگیریی چارەسەریی پرسی کورد بکات، بە کارێکی باش دەزانێت و هەوڵی بۆ دەدات. لە قۆناخی ڕزگاریی نیشتیمانییدا، پێوەندیی یەکلایەنەی حیزب و ڕێکخراوەکان لە کوردستان بە داگیرکەرانەوە لە ڕوانگەی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستانەوە کە بۆ بەرژەوەندیی حیزبی، گرووپی و تاکەکەسیی بێت، بە گشتیی بە زیانی جووڵانەوەی ڕزگارییخوازانەی کوردستانە.

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان بە پێویستی دەزانێت کە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان گەڵاڵەیەکی هاوبەش لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندیی گشتیی کوردستان داڕێژن و چۆنیەتیی پێوەندییان بە وڵاتانی داگیرکەری کوردستانەوە دیاری بکەن. لە قۆناخی ئێستادا کە بەهۆی ناکۆکیی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، بڕیاردن لەسەر کۆنگرە یان پارلمانێکی سەراسەریی کوردستانیی هەندێ ئەستەم بووە، دەکرێ وێڕای هەوڵدان بۆ دامەزراوەیەکی نیشتمانیی، لە هەر بەشێکی کوردستان کۆنگرە یان پارلمانێکی تایبەت بەم بەشە پێک بهێندرێت و ئەم ناوەندە بە پێڕەوکردنی یاسا دیارییکراوەکان لە لایەن بەرەی ئەم بەشەی کوردستان، بە ڕاوێژ و ئاگاداریی هەموو لایەنەکانی کوردستان، لەگەڵ دەوڵەتانی داگیرکەر و تەنانەت سەرجەم وڵاتانی تر لەسەر مافەکانی خەڵکی ئەم بەشەی کوردستان لە پێوەندییدا بێت.

سەرکەوێ خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ دامەزراندنی وڵاتێکی سەربەخۆ و کۆمەڵگەیەکی دێموکراتیک و یەکسان!

دای بڕێژین کۆشکی یەکسانیی ژیان!

**کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان**

**سەرنج:**

ئەم بەرنامە و پێڕەوە دوای پێداچوونەوەی لە لایەن بەڕێوەبەریی و ئەندامانی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستانەوە لە کۆبوونەوەیەکی گشتیی لە ئۆکتۆبری ٢٠١٥ دا لە وڵاتی سوید پەسند کراوە و تا کۆنفرانسی داهاتوو بەرنامە و پێڕەوی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستانە.